www.kurdistannet.org
6-4-2007 16:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

تکایە یادی ئەنفالیش مەکەن بە مینبەری تەکەتول وەلامێک بۆ شیلان سابیر زەنگەنە ... کاروان جاف

بێگومان شیلان سابیر بەرگێکی تری تەکەتولە لە گەر میان کە نانو پیاز بەناوی پیرۆزی پاشماوەی ئەنفالەوە دەخوات، سەیرو سەمەرەکە لەوەدایە ئەوەی لە سەدا هەشتای خەڵکی گەرمیانی لە ملە سورە ئەنفال کرد، نوێنەری بەرەکەی شیلانەو لەلایەن جاف و عێل بەگیەوە دەستی ماچ ئەکراو تا ئیستەش دەپارێزری بۆ مەبەستی پێڕو بەرژەوەندی تایبەت، ئەگەر ڕاست دەکەی شیلان خان باوکت ئەنفال کراوە ئەی بۆچی باسی ئەو ئامر مەفرەزە خاێە یەو بنەماڵە کەیان ناکەیت کە لەسەرەتای دروست بونی (ی. ن. ك.) وە بوون بەجاش دژ بە گەلەکەی خۆیان.. وە عەلی عوسمانی برا گەورەی تاهیر عوسمان لەشەڕی خاڵە بەگدا دەستیان لە شەهید کردنی قارەمانێکی وەك سەرکەوت دا هەیە وە ئێستا تاهیری برای لەلایەن پێرەکەتانەوە و بەتایبەت مەحمود سەنگاویەوە پێشوازی گەرم و خەڵاتی گەورە کراوە لە قەزای کەلاردا، ئەترسم شیلان خان نەزانیت عەلی عوسمان لە شەڕی خاڵە بەگدا کوژراوەو تاهیری براشی هەتا ڕوخانی ڕژێم دژی کورد بوو وە بە کچێکی خۆی خۆڵی لەناو چاوانی عاسی عەلی بەناو نوێنەری ئەنفالەکانی گەرمیان کرد کەتۆ دیارە هەوڵی زۆریشت بۆیان داوە لەهەڵبژاردنە کاندا وە دڵنیام کە هیچ کەسێکت ئەنفال نیە و زۆر باش ئاگاداری ئەو دوو نمونەی سەرەوەیت لە خیانەتی نیشتیمانی و خۆیشت یەکێکیت لە کەسەکانی ئەو بنەماڵە خیانەت کارانە.. وەتۆ باسی ئیسماعیل ئاغای موستە شار دەکەیت کەزیاتر لە 20 دێی عەشیرەتەکەی خۆی ئەنفال کراوە و تا ئێستا هیچ کەسێك نە لە عەشیرەتەکەی خۆ یو عەشیتەرەکانی تریش بەڵگەی لەسەری نیە کە دەستی لەتاوان دا هەبێت وەك ئەو بەڵگانەی سەرەوە.. راستە ئیسماعیل و دەیان موستەشاری تر هەن جاشایە تیان دژ بە گە لەکەی خۆیان کردوە و هەر یەکێکیان بەشێك تاوانیان لە ئەستۆ دایە بەڵام هەق بوو تۆ داوای دانانی دادگایەکی عادیلانەت بکردایە بۆیان، جا ئەو کاتە بێگومان جەنابت وهاو بیرەکانت بەشی شێرتان بەر ئەکەوت لەو خەڵکە جاشانە کەئێستا دانێدە دراون لەکوردستاندا.. تۆ باسی سەرۆکی شارەوانی ڕزگاریت کردوە بەکەسێکی خراپ و ناشایستە گوایە وەك کوڕی ڕەیس عەشیرەتێك دانراوە.. قسەکەتم ئەسەلماند ئەگەر باسی کوڕەکانی لالە سەرحەدو مارف ئاغای گڵاڵیت بکردایە و قەیدی نەبوو بەراوردی بنەماڵە کانیانیانمان نەدەکرد؟ کەباسی مەڵبندی کفری دەکەیت بەکەسانی جاش و ئەنفال چی ئەی بۆچی بەڵگەی سەلمێنەرو دوو لەشا هیدەکانت زۆر بە نهێنی و وەك موخبر سڕی نابەیتە یەکێك لەدادگاکا ن و سکاڵای لەسەر تۆ مار بکەیت بۆ سەندنە وەی تۆڵەی باوکت و دەیان خێزانی تری ئەنفال؟

دوا وشەم بۆ تۆ شیلان خان ئەوەیە کەتۆ لەلایەن مەڵبەندی کەلارەوە هاندراوین کە ئەو تۆمەتانە بۆ خەڵکانی تر دروست بکەیت بەمەبەستی پەردە پۆش کردنی چیرۆکی سەر بڕینی فەتاحی شێخ تەویل کە خۆت و لێپرسراوی مەڵبەندی کەلار دەترسن لە ئاشکرابوونی بۆیە پێتان دەلێم شیلان خان (ئەگەر ماڵتان لەشوشە بوو بەرد لەماڵی کەس مەدەن)

کاروان جاف

2007/4/4

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.